## دەرسیم دیبەگەیی:

# موسڵ هێندەی کەرکوك بۆ کوردستان گرنگە

**تایبەت بەدەنگی مەخموور:**

**لەچاوپێکەوتنێکی تایبەت بە (دەنگی مەخموور)دا دەرسیم دیبەگەیی نووسەری کتێبی (مێژووی کوردستانێتی شاری موسڵ لە چەندین بەڵگەنامەی جیاجیادا) سەبارەت بەچەند تەوەرێکی گرنگی وەك کێشەی مووسڵو هەروەها قسە کردن لەسەر دەسەلأتی سیاسی کوردستانو کارکردن لەپێناو گەڕانەوەی شاری مووسڵ بۆ سەرخاکی کوردستان، ئەو هەڤپەیڤینیەمان لەگەڵیدا سازدا.**

*** بۆچوونی بەڕێزتان لەسەر شاری موسڵ چییەو چ کاتێك گونجاوە ئێمەی کورد داوای ئەو ناوچانە بکەینەوە؟**

– بۆچوونی من لەو یەرتووکەمدا کە لەسەرەتای مانگی رابردوو لەباشووری کوردستان لەژێر ناوی (مێژووی کوردستانێتی شاری موسڵ لەچەندین بەڵگەنامەی جیاجیادا) بەچاپم گەیاند، روونو ئاشکرایە، سەرەتا ناونیشانی یەرتووکەکەم دەریدەخات کە من شاری موسڵ وەکو شارو یارێزگا بە هی کوردو بەبەشێك لەخاکی باشووری کوردستان دەزانم، چونکە دروستکردنی شاری موسڵ، لەگەڵ تەواوی قەزاو ناحیەکانی، کۆمەڵگا نشینگەکانو گوندە بەناو هاوچەرخەکان کە بەمەبەستی بەعارەبکردنو نیشتەجێکردنی بەدووەکانی نیمچە دوورگەی عارەبی (حیجاز، نەجد، یەمەن، جەزیرە، شام)و کۆچەرانی خوارووی ئێراق، لەناو نیشتمانی کوردو لەسەر خاکی باشووری کوردستان بووە. دواتر لەو یەرتووکەدا هەوڵمداوە بەدرێژایی مێژوو هەرچی بەڵگەنامەو دانیێدانانی راستییەکانە سەبارەت بەمێژووی کوردستانێتی شاری موسڵ لەدوو بەرگی (٨٣٠)ی لایەرەییدا نووسیومن. مێژووی کوردستانێتی ئەم شارەم بەگوێرەی بەڵگەنامەکانی کۆمەڵەی نەتەوەکان، رێککەوتننامەو یەیماننامە نێودەوڵەتییەکان، بەڵگەنامە ئێراقیو عارەبییەکان، بەڵگەنامە عوسمانیو تورکییەکان، بەڵگەنامە بیانییەکانو بەڵگەنامە کوردییەکان سەلماندووە. من لەوە تێناگەم، لەکاتێکدا کە گرنگی شاری موسڵ بۆ کوردستان ئەگەر لەگرنگی شاری کەرکوك بۆ کوردستان زۆرتر نەبێت، ئەوە هەرگیز کەمتر نییە، کەچی سەرکردایەتی کورد هەر باسی کوردستانێتی ئەم شارە مێژووییە ناکەن! باشە ئەی ئەگەر ئەو شارە بەشارێکی کوردستانی نازانن، بۆ ئەو هەموو بارەگایە لەناو شاری موسڵ دەکەنەوەو هەزاران رۆڵەی کوردییان لەو شارەدا بەکوشتدا؟.

کاتێك کە شاری موسڵ بەتەواوی هەم وەکو شارو هەم وەکو یارێزگا لەناو نیشتمانی کوردو لەسەر خاکی کوردستان دروستکرابن، بە بۆچوونی من هەموو کاتێك گونجاوە بۆ داواکردنەوەی. دوای رووخانی سەددام، سەرکردایەتی کورد یێویست بوو داوای دەستنیشانکردنی سنووری باشووری کوردستانیان لەسەرانی عارەبی ئێراق بکردایە. یان ئەگەر ئەوەیان نەکرد، دەبوایە لەسەر بنچینەی دوو نەتەوەی کوردو عارەبو دوو خاکی باشووری کوردستانو ئێراق گفتوگۆیان لەگەڵ سەرانی عارەب بکردایە، نەوەك کێشەی کوردی لەکێشەی نەتەوەیەكو کێشەی داگیرکردنی خاکی باشووری کوردستانو هەوڵی سڕینەوەی هەردووکیان لەلایەن عارەبی رەگەزپەرستی ئێراق، بۆ کێشەیەکی دیموکراتی بچووك بکەنەوەو بیبەنە ناو یەرلەمانی ئێراق (یەرلەمانی دوژمن)و رادەستی شۆڤینیستانی عارەبی ئێراقی بکەن، کە ئەوان کورد لەچوارچێوەی ئێراقدا بە مەترسیو دوژمن بۆ سەر دوارۆژی عارەبو ئێراق دەزانن. جاران ئۆتۆنۆمی کارتۆنی هەبوو، ئێستاکە لەسایەی عارەبی شۆڤینی بە (سوننەو شیعە)ی دوای سەددام کە بۆچوونەکانیان سەبارەت بەکورد زۆر لەهی سەددام خرایترن، دیموکراتی کارتۆنی، یەرلەمانی کارتۆنی، دەستووری کارتۆنی، فیدراڵی کارتۆنیو ئێراقی کارتۆنیش دەرکەوتوون. ئەوانەی کە سەرکردایەتی کورد بەدۆستی نزیکی دۆزی کوردیان دەزانێت، لەبەعسییەکانی دوێنێکە زۆر خرایترن.

*** دەسەلأتدارانی کوردستان یاخود بڵێم سیاسەتمەدارانی کورد تاچەند وەك یێویست جولاونەتەوە لەتەك کێشەی موسڵ و تەنانەت کەرکوکیش؟**

من نازانم دەسەلأتدارانی کوردستان یان سەرانی کورد بەرنامەیەکیان هەبووە بۆ کورد، تاوەکو بەرنامەیەکیان هەبێت بۆ جولانەوەیان یان هەوڵدانیان لەپێناوی سەندنەوەو رزگارکردنی شارەکانی موسڵ، کەرکوكو شارۆچکەکانی تری کوردستان؟ ئەوان هەر لەدوای روخانی سەددامدا باسی کوردستانێتی شاری موسڵ-یان هەر نەکرد، شاری کەرکوكو شارۆچکە ناکۆك لەسەرەکانیان بەشاری برایەتی ناوبردو لەرێگای مادەی (١٤٠)وە رادەستی یەرلەمانی عارەبی ئیسلامی ئێراقیان کرد (بۆیە دەڵێم یەرلەمانی عارەبی، چونکە نزیکەی یێنج بەشی ئەندامان عارەبی رەگەزپەرستەو بەشێکی کوردە، بەگوێرەی دەنگدانەکانیش هەموو یاساو بڕیارەکان لەبەرژەوەندی عارەبدایە)! بۆ نموونە قەزای مەخمور بە مەڵبەندی قەزاو هەرسێ ناحیەکانی (دیبەگە، گوێڕو قەراج) هیچ کێشەیەکی لەسەر نەبوو، خۆ کاتی خۆی هەر هەمووی لەچوارچێوەی ئۆتۆنۆمییە کارتۆنییەکەی بەعسو سەددام لەناو سنووری کوردستاندا بوون! کەچی سەرکردایەتی کورد قایلبوون بەوەی کە بە مادەی (١٤٠) بە کەرکوکی ببەستنەوە، ئەوەبوو بەوەی دەستوورە ئیفلەجەکەیانەوە لەچوارچێوەی ئێراقی بەناو دیموکراتی، فیدراڵیو دەستووری دوای نەمانی دیکتاتۆرییەت، سنووری کوردستان وەکو ئەو قوماشانەی دوای شۆرینیان کە دەچنە ئاو، زۆر لەکورتی داوەو بەرتەسك بۆتەوە کە تەنانەت قەزای مەخموریش ناگرێتەوە! لەکاتێکدا کە رۆژ لەدوای رۆژ لەسایەی سەرکردایەتی کورد، سنوورو خاکی کوردستانم بەرتەسك تر دەبنەوە، دڵم بەچی ئەو سەرکردایەتیەو ئێراقی بەناو دیموکراتی، دەستووری، فیدراڵی (کە وەکو خۆشەویستی یەك لایەنە تەنیا کورد باوەڕی بەو ئێراقی فیدراڵییە هەیە)، یان بە ئێراقی هیواو ئاشتی خۆشکەم؟ دڵم بەوە خۆشکەم کە کورد پۆستەکانی سەرۆك کۆمار، وەزیری دەرەوە لەگەڵ چەند وەزیرێکی تر، یان جێگرەکانی سەرۆك پەرلەمانو سەرۆك وەزیرانی وەرگرتووە؟ دڵم بەکام لەو پۆستانەی کورد خۆشکەم، کە هیچیان دەسەلأتی هیچیان نییە بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەك بە نەتەوەی کورد لەباشووری کوردستان. زۆرجار سەرکردەکانی کورد، خۆیان دەستووریان پێشێلکردووەو باسی ئەوەیان کردووە کە ئێراق وڵاتێکی عارەبی ئیسلامییە، کەچی لەدەستووردا هاتووە کە ئێراق وڵاتێکی فرە نەتەوەو فرە ئایینە! دەستووری ئێراق لەچوارچێوەی ماددەی (١٤٠) چارەسەری بۆ کێشەی کەرکوكو ناوچە ناکۆك لەسەرەکان دانابوو، کەچی سەرکردەی کوردی واهەبوو بەشێوەی (حاتەمی تای) پێشنیاری چارەسەری بڕۆکسلی داهێناو هەموو دەسەلأتەکانی لەو شارەدا وەکو یەکو بەشێوەی ($32+32+32$)+$4$ بۆ هەریەك لەچوار پێکهاتەکانی تری شارەکە) دابەشکردو قوری بۆ کورد گرتەوە!

*** بەتێڕوانینی تۆ ئایندەو بارودۆخی کوردستان بەرەو کوێ دەروات؟ ئایا تۆ گەشبینی بەو بارودۆخەی باشووری کوردستان؟ لەم قۆناغەی ئێستاکە چی بکرێ باشە؟**

– لەراستیدا من زۆر رەشبینم، ئەویش لەبەر دوو هۆ: یەکەمیان: نادادیەروەریو بێویژدانیو نامرۆڤایەتی سەرانی عارەبی ئێراقی بە سوننەو شیعەیانەوە ئەوان نەك ئامادەنین مافە زەوتکراوەکانمان بسەلمێننو بۆمانی بگەڕێننەوە، بەڵکو ئەوەی هەشمانە هەوڵدەدەن بەرە بەرە لێمانی وەرگرنەوە. لەدوای رووخانی سەددام، سەرەتا سەرانی نوێی عارەبی ئێراق هەم لەناچارییەوەو هەم وەکو تاکتیك هەندێك لەداخوازییەکانی کوردیان سەلماند لەبەرئەوەی هێزو دەسەلأتیان نەبوو، خۆ دوای ئەوەی دەسەلأتو هێزیان یەیداکرد، بەرە بەرە یەنایان بردە بەر راکردنو یەشیمان بوونەوە لەهەموو ئەو بەندانەی دەستووری ئێراقی کە لەبەرژەوەندی کورد دابوون، بەر لەهەمووشیان مادەی (١٤٠)ی کەرکوكو ناوچە ناکۆك لەسەرەکان. یەکێك لەو ئاکارانەی کە عارەبی یێدەناسرێتەوە، عارەب هەردەم بەدەستێکی قورئانو بەدەستەکەی تری شمشێرێکی هەڵگرتووە، لەکاتی ناچاریو بێدەسەلأتیدا قورئانەکە بەرزدەکاتەوەو بەناوی ئایینو برایەتییەوە خۆیانی یێ دەرباز دەکەن، لەکاتی دەسەلأتداریتیو بەهێزیدا بە شمشێرەکەی دەستەکەی تریان بێ هیچ دوودڵییەك ملت دەیەڕێنن! جا لەئێراقی کارتۆنیدا (یەرلەمانی کارتۆنی، دیموکراتی کارتۆنی، دەستووری کارتۆنیو فیدراڵی کارتۆنی)داو، لەبارودۆخی ئەمرۆکەی ئێراقو عارەب، سەردەم سەردەمی بەرزکردنەوەی قورئانەکەو سەردەمی یارانەوە لەکورد بەسەرچوو، ئێستاکە سەردەمەکە بۆ ئەوان سەردەمی بەرزکردنەوەو بەکارەێنانی شمشێرەکەیە لەدژی کوردو بەدڵنیاییش زۆر بێویژدانانە بەکاری دەهێنن! سەردەم سەردەمی یەشیمان بوونەوەیە لەهەموو رێککەوتنێك کە یێشتر لەکاتی لاوازیو ناچاریدا مۆریان کردووە، بەدرێژایی تەمەنی عارەب، سەیری مێژووی رابردوویان بکەن، بزانن قەت یەیوەست بووینە بەتەنیا یەك رێککەوتنیش، ئەگەر لەسەدا سەد لەبەرژەوەندی ئەواندا نەبوو بێت؟ دووەمیشیان نابوێریو کەمتەرخەمیو ساردی سەرانی کورد لەمەر دۆزی کوردو، تەنانەت سازشکردنیان لەیەکە یەکەی ئەو هێڵە سوورانەی کە خۆیان بۆ عارەبی ئێراقیان دانابوو، هەروەها سازشکردنیان لەسەر ماددەی (١٤٠)ی دەستوور کە کەمترین داخوازییە رەواکانی کوردی لەخۆ گرتبوو! هەروەها ئەوە یێنج ساڵو نیو بەسەر رووخانی رژێم تێپەری، بەلای کەمیشەوە نزیکەی چوار ساڵێك بەسەر دارشتنی دەستووری کاتیو دواتریش هەمیشەیی ئێراق، کەچی تاوەکو ئێستا تەنانەت یەك یپتی کوردی نە لەسەر یارە، یاسەیۆرت، ناسنامەو یولی یۆست نەنووسراون! باشە ئەوەیان کە سادەترین ماڤ رەوای نەتەوەکەمانەو، عارەبی دەسەلأتداری ئێراقی یەسەندی نەکەن، باشە چۆن یەسەندی دەکەن کەرکوك، موسڵ، دیالە، خانەقین، مەخموور، بەدرە، مەندەلی، شارەبانو شارو شارۆچکەکانی تری کوردستان بگەڕێنەوە سەر هەرێمی باشووری کوردستان، کە تێکرایان لەنیوە زۆرتری خاکی کوردستان یێکدەهێنن! کاتێك کە بارودۆخەکە لەبەرژەوەندی کورد دابوو، سەرانی کورد نەیانتوانی داخوازیو داواکارییەکانی کورد بسەیێنن، ئێستاکە کە بارودۆخەکە لەدژی ئەواندایەو لەئێراقەکەی هیواو ئاشتی خۆیاندا گلۆرەیان کەوتۆتە لێژی، چۆن دەتوانن داخوازییەکانی کورد بەێننە دی؟ ئاخر کاتێك کە سەرانی کورد وەکو یاری تۆیی یێ کە لەشوێنی هێرش بردنو سەرانی عارەب لەشوێنی یارێزگاریکردن لە گۆلەکەیان بوون بۆ ئەوەی گۆلیان لێنەکرێت، سەرانی کورد نەیانتوانی گۆلی خۆیان بکەن، ئێستاکە دوای ئەوەی هەموو شتەکان یێچەوانە بۆتەوە، نەك تازە گۆلیان لەعارەب یێناکرێت بەڵکو دەبێت هەوڵبدەنو رێگاکان بگرن بۆ ئەوەی سەرانی عارەب گۆلیان لێنەکەن! یێموایە شەری داهاتووی عارەب لەناو یەرلەمانە کارتۆنییەکەی ئێراقدا لەگەڵ کورد (لیستی هاویەیمانی کوردستانو یەکگرتوو)دا، لەسەر کەمکردنەوەی بودجەی هەرێمو یاسای نەوتو گاز، ناسنامەی ئێراق (کە دەیانەوێت ناسنامەکەی عارەبیو ئیسلامی بێت)و دوارۆژی هێزی یێشمەرگە (کە یێموایە دەیانەوێت لەدوو سێ مانگی داهاتوودا یێشمەرگە بە میلیشیا ناوزەد بکەن).

بە بۆچوونی من، بە باشی دەزانم سەرکردایەتی کورد پێویستە هۆشدارییەکی توند بداتە سەرانی عارەبی ئێراق، بۆ ئەوەی پەیوەستبن بە دەستووری ئێراقی، ئەگەر بێتوو بۆماوەی یەك هەفتەو وەلامی پۆزەتیڤیان پێنەگات:

١- کورد لەحکومەتو پەرلەمانی کارتۆنی ئێراقدا بکشێتەوە.


٢- ئەگەر بۆماوەی یەك هەفتەی تر داوایان لەسەرانی کورد نەکرد بگەڕێنەوە بۆ ناو حکومەتو یەرلەمانو، یابەندی خۆیان بەدەستوورو جێبەجێکردنی تەواوی مادەکانی ئەو دەستوورە بەمادەی (١٤٠)یشەوە رانەگەیاند، ئەنجومەنی تەواوی شارو شارۆچکە ناکۆك لەسەرەکان بڕیاری گەڕانەوەیان بۆ سەر هەرێمی کوردستان بدەنو، سەرۆکایەتی هەرێمو یەرلەمانی کوردستان بڕیارەکانیان یەسەند بکەنو، لەهەمان کاتیشدا هێزی یێشمەرگەی کوردستان ببەنە سەر سنوور. هەروەها یێویستە هەموو کورد بەیەك دەنگ یشتیوانی لەو بڕیارانە بکەنو بەتایبەت کوردانی هەندەران ئەوانەی کە یێیان دەکرێت بگەڕێنەوە بۆ کوردستان بگەڕێنەوە، ئەوانەی تریش بەکۆمەکی دارایی یشتیوانی خۆیان رابگەیەننو مانگانە برێك یارمەتی دارایی بۆ کوردستان بنێرن، بەمەرجێك سەرۆکایەتی هەرێمو حکومەتی کوردستان هەوڵی بنبرکردنی گەندەڵی بداتو بەریرسانی دزو گەندەڵ دوورخاتەوە.

*** یێتوایە تەواوی تاوانبارانی سەردەمی رژێمی بەعسی رووخاو بەسزای رەوای خۆیان گەیشتوون؟**

– نازانم تاوەکو ئێستا کام تاوانباری بەعس لەسەر دۆزی کورد بۆ نموونە ئەنفال، جینۆسایدکردنی کورد، کیمیابارانکردنی هەڵەبجەو دێهاتو شارۆچکەکانی تری کوردستان سزا درابن؟ تاوەکو ئێستاکە سێ تاوانبار لەسەرانی یێشووی بەعس لەسەر تاوانی ئەنفالکردنو هەوڵی بەجینۆسایدکردنی گەلی کوردستان سزای لەسێدارەدانیان بۆ دەرچووە کە بریتین لە (عەلی حەسەن مەجید، نوێنەری سەرکردایەتی هەرێمایەتی حزبی بەعسو سەرکردایەتی بەناو شۆڕشو بەریرسی بیرۆی باکووری حیزبی بەعس، سولتان هاشم ئەحمەد، فەرماندەی فەیلەقی یەکی کاتی ئەنفالەکانو حوسێن رەشید محەممەد عەرەب تکریتی، یاریدەدەرەی سەرۆکی ئەرکانی سویا- بۆ کاروباری ئۆیراسیۆنەکان)، ئەوانەش دەبوایە ساڵێك زیاتربوو سزاکەیان جێبەجێ بکرایەو لەسێدارە بدرانایە، بەڵام سەرانی کورد (هەموو کورد دەزانن کام سەرکردەی کورد رێگرە لەبەردەم لەسێدارەدانیان) نایەڵن ئەم سزایانەیان بەسەردا بسەیێنن!

خۆ جگە لەمانەش ژمارەیەکی زۆر لەتاوانبارانی ئەنفال، وەکو نزار عەبدولکەریم فەیسەڵ ئەلخەزرەجی، سەرۆك ئەرکانی سوپای ئێراق، وەفیق عجیل حەمود ئەحمەد سامەرائی، جێگری بەڕێوەبەری هەواڵگری سەربازی، نوعمە فارس حوسێن ئەلمحیاوی، فەرماندەی فەیلەقی یێنج (تاوەکو کۆتایی نیسانی ساڵی ١٩٨٨)، یونس محەممەد سلێمان ئالزەرب، فەرماندەی فەیلەقی یێنج لەساڵی (١٩٨٨) تاوەکو کۆتایی ئەنفالەکان، ئەیاد خەلیل زەکی، یارمەتیدەری سەرۆکی ئەرکانی سوپا- بۆ کاروباری میرەو فەرماندەی فەیلەقی یێنج لەساڵی (١٩٨٨)و فەرماندەی ئەنفالی دوو، هەروەها سەعدی توعمە ئەلجبوری، پشکێنەری سەرکردایەتی گشتی هێزە چەکدارەکانو کۆمەڵێك سەرۆجاشو فەرماندەکانی مەفرەزە تایبەتییەکانی کورد، کە بەشداری شالأوەکانی ئەنفالو کاولکردنی نزیکەی (٤٥٠٠) گوندی کوردستانیان کردووە، کەچی تاوەکو ئێستاکە هیچیان دەستگیر نەکراون.



**پرۆفایل**

دەرسیم دیبەگەیی ناوی تەواوی ( دەرسیم رەحمان فەرحان)ە، لەساڵی ١٩٦١ لەشارۆچکەی دیبەگە لەدایکبووە، سەرەتا لەساڵی ١٩٨٠-١٩٨١ وەکو فەرمانبەر لەبنکەی لاوانی مەخموورو ئۆرزدی باگی مەخموور کاری کردووە، لە ساڵی ١٩٨٢دا خولی پەروەردەیی بۆ پێگەیاندنی مامۆستایانی تەواو کردووەو، وەکو مامۆستا دامەزراوە، لەناوەڕاستی ساڵی حەفتاوە لەرێگەی یەکێك لەرێکخراوە (چەپەکان)ی ئەوکاتی کوردستان تێکەڵ بە کوردایەتیو خەباتی ژێر زەمینی شار بووە، لەسەرەتای ساڵی ١٩٨٦دا لەگەڵ کۆمەڵێك لە هاوڕێیانی لەلایەن ئەمنو ئیستخباراتی بەعسیەوە بە سزای ١٠ ساڵ زیندانیکردن رەوانەی زیندانی ئەبوغرێب کراوە، تاوەکو لەبەرواری ١٤-٩-١٩٨٨دا بە لێبوردنی گشتی ئازاد کراوە.

دەرسیم لەدوای راپەرینی ساڵی ١٩٩١دا کوردستانی جێهێشتو حەڤدە ساڵە لەوڵاتی دانیمارك دەژیتو کاری وەرگێران دەکات، لەتەك ئەمەدا وەك کوردێکی سەربەخۆو بێلایەن خەریکی نووسینو کاری رۆژنامەوانییە، زیاتر لەبواری مێژوویی شت دەنوسێت، بەتایبەت لەبواری ئەنفالو جینۆسایدکردنی باشووری کوردستاندا، جگە لەوکتێبەی ئاماژەمان پێداوە ئەوا کتێبێکی دیکەی لەژێر ناوی (ئینسکلۆپیدیای ئەنفالو جینۆسایدکردنی گەلی باشووری کوردستان) ئامادە کردووە بەنیازە لە ساڵی نوێدا لەکوردستان بەچاپی بگەیەنێت، کەزۆر زانیاری ووردو نوێی تێدایە.

## هاواری برایمی بایز ئاغای دزەیی:

# خەڵکی مەخموور هەردەم پیاو بوونە، بەڵام هەر مەغدووریش بوونە

**دەنگی مەخموور- مەخموور/** ئەگەر بمانەوێ باس لەمێژووی شاری مەخموور بکەین ئەوا ناکرێ باس لەکەسایەتی ناوداری گەلەکەمان (برایماغای دزەیی) نەکەین، بۆ ئەم مەبەستە ڕۆژنامەی دەنگی مەخموور لەچاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ هاواری برایمی بایز ئاغای دزەیی بە ژیان و بەسەرهاتی ئەم کەسایەتییەدا دەچێتەوە.

*** مەخموور کەی دروست بووەو ناوەکەی لەچییەوە هاتووە؟**

– ناوی مەخموور کە هاتووە زۆر قسەی لەسەرکراوە بەڵام مەخموور لەوە هاتووە کە پێشتر شێوەیەکی ڕەنگاورەنگی هەبووە هەموو سەوزایی و کژۆگیا بووە لەبەرئەوەی دەشتێکی پان و بەرین بووە زۆر جوان دیاربووە بۆیە ئەو ناوەیان لێناوە، بەڵام هەرچی مەخمووره لەسەردەمێکی زۆر کۆن هەبووە لەسەردەمی ئاشوورییەکان دروست بووە ئەوکات لەلای حوسێنی غازی تادەگاتە نزیک سوڵتان عەبدوڵلا شارێکی گەورە بووە ئەمەیان لەسەردەمێکی کۆن، بەڵام دواتر بۆماوەیەکی زۆر مەخموور ئاوەدانی لێ نەبووە تا ئەو کاتەی باوکم برایماغا هاتۆتە دەشتی مەخموورو ئاوەدانی کردۆتەوە سەرەتا هەندێك ڕەشماڵی عەرەب لەو دەشتە هەبوونە بەڵام بابم ئەوکات دەسەڵاتی زۆر نەبووە تا ماوەیەکی کورت بە ماوەی سێ تا چوار ساڵ لەدەوروبەری ساڵی ١٨٥٠ هاتۆتە ئەو ناوچانە، ئەوکات برایماغا لەتەمەنی گەنجێتی دابوو ١٨ تا ٢٠ ساڵی بووە، بەڵام توانی خەڵکێکی زۆر کۆبکاتەوەو ئەوەبوو خانووی دروست کردووەو زەوی وزاری دابەشکردووەو ئەوکاتەی دەسەڵاتی فراوانتر کردو گوتی ئەم مەملەکەتە کوردستانەو هەرچی عەرەب هەبوون دەری کردوون بۆ ئەوبەری زێ.

*** باسی برایم ئاغای باوکت کرد حەزدەکەین زیاتر لەسەری بدوێی ئەگەر بکرێ بزانین کەی لە دایك بووەو کەی کۆچی دوایی کردووە؟**

– ئەوەی ڕاستی بێت باوکم زۆر ژنی هێناوە زیاتر لەدە ژنی هێناوە، بەڵام باوکم پێنج برابوونە لەوان برایماغای باوکم لەهەموویان گەورەتربووە ناوەکانیان (برایماغا، خورشید ئاغا، ئەحمەدی حاجی بایزی، ڕەحمانی حاجی بایزی، حەمەدەمین برای بچووکیان بووە)، برایماغا منداڵی زۆر هەبووە لەوانە موشیر ئاغاو حەبیب ئاغا بەڵام هەموویان کۆچی دواییان کردووە تەنیا من لە ژیان ماوم.

*** باسی سەرەتای تەمەنی منداڵیت تا دەگەیتە ئەمڕۆمان بۆ بکە؟**

– هەروەك لەکتێبی (سنتان فی کردستان) باس لەوە دەکات کە من لەشەوی ١٤ لەسەر ١٥ی شوباتی ١٩١٩ لەدایك بوومە، دوای ئەوە بەماوەیەکی کەم باوکم کۆچی دوایی دەکات ئەوکات من تەنیا سێ مانگ بوومە واتا لەمانگی ٥ی ١٩١٩ باوکم کۆچی دوایکردووە، دواتر لەلای (مشیرئاغا)ی برا گەورەم بۆ ماوەی چەند ساڵێك لای ئەو ژیاوم، دوایی چویمە خوێندن سەرەتایم تەواو کرد بەڵام ناوەندیم تەواو نەکرد، ئەوەی ڕاستی بێت من زمانی کوردی و عەرەبی و تورکی دەزانم، بەس ئینگلیزی کەمێك دەزانم، زۆر وولاتان گەڕاوم یەکەمجار چومەتە لەندەن هەموو ولاتێکم بینیوە تەنیا ئەمەریکاو ڕوسیا نەبێت بۆم ڕێك نەکەوتووە، ئێستاکە تەمەنم نەوەد ساڵە لەژیانمدا زۆرجار گیراوم بەهەموو گیرانەکانم نزیکەی ٥ ساڵ گیراوم، یەکەمجار لەتەمەنی ١٨ ساڵی بۆ ماوەی یەك ساڵ گیرام بەڵام دواتر بەردرام، دواجاریش لەسەر کوردایەتی گیرام لەلایەن ڕژێمەوە بەتۆمەتی ئەوەی لەگەڵ مەلا مستەفا پەیوەندیم هەیە.

*** ناخۆشترین کارەسات و ڕووداو لەژیانی تایبەتی مام هاوار چییە، ئەگەر بۆمان باس بکەی؟ ئایا بەینت لەگەڵ سیاسەت چۆنە؟**

– ناخۆشترین شت بە سەرم هاتبێ ئەوکاتە بوو کە منیان گرت لەساڵی ١٩٩١ لەوەختی ڕاپەڕینەکەی منیان بردە خوار بەغدایێ ویستیان بمکوژن بە بیانووی ئەوەی چەندین ئەمن و پیاوی بەعسیم کوشتوە بەڵام دوای لێکۆڵینەوە هیچیان لەسەرم نەبوو ئەوەبوو بەردرام، هەرچی مەسەلەی سیاسەتە لەلای من سیاسەت ماندووبونێکی بەلاشەو هیچی دیکە نییە! بەینم لەگەڵ سیاسەت باش نەبووە بەڵام کوردایەتیمان کردووەو ئەوەی لەتوانام بووە بۆ کوردایەتی ئیشم کردووە، بەڵام هەر بێلایەن بوومە.

*** دەمانەوێ بزانین هاوار ئاغا لەگەڵ نووسین و کتێب خوێندنەوەو ڕۆژنامەکان چۆنە؟ بۆچی هەوڵت نەداوە ژیاننامەی خۆت بنووسیتەوە؟**

–زۆر حەزم لەخوێندنەوەیە زۆر کتێب دەخوێنمەوە، هەروەها ڕۆژنامەکان بەتایبەتی، بەڵام زیاتر کتێبی مێژوویی ئەوانەی بەکوردی نووسراون دەخوێنمەوە، تائێستا ژیاننامەی خۆم نەنووسیتەوە، چونکە نەمویستوە بینووسمەوە بەڵام ئەگەر کەسێك بیەوێ تۆماریان بکات ئەوا ئامادەم هاوکاری بکەم، تەنیا ئەوە نەبێت کەمێك لەژیاننامەی خۆمان وەك بنەماڵەی دزەییان نووسیومەتەوە.

*** ئایا خەڵکی مەخموور بە درێژایی مێژوو قەت غەدریان لەخەڵك کردووە یان مەغدوور بوونە؟**

– خەڵکی مەخموور هەردەم پیاو بوونە، بەڵام زۆر مەغدووریشن، پیاوی ماقوڵ و پیاوی زۆر ئازاو بە جەرگی لێبووە، لەبەرئەوەی گەلێ پیاو بوونە هەروەها خراپەیان نەکردووە لەگەڵ کەس لەچاکەی زیاتر هیچی تریان نەکردووە، چونکە عەشیرەتی زۆر گەورەی لێ بووە لەوانە عەشیرەتی بندیان و شێراون و بلباس و سورچی و سارمەمی و زۆر عەشیرەتی دیکەی لێبووە، هەندێکیان لەوانە ساحێب دیوەخان بوونە لەوانە لەتیفی سمایل قۆرچی پیاوێکی زەریف بووە هەروەها ڕەحمان سەفەرو حاجی قادر پیاوی گەورە بوونە، جگە لە مانەش سمایل ئاغای کەنداری و چەندانی تر.

*** سەبارەت بەشارۆچکەی مەخموور ئایا یەکەمین قوتابخانە کەی کرایەوە؟**

– لەسەردەمی مشیرئاغا یەکەمین قوتابخانە لە مەخموور لەساڵی ١٩٢٧ دامەزراو یەکەمین مامۆستاش ناوی (شوکری) بوو کە هاتە مەخموور لەشاری هەولێر هاتبوو سەرەتا لەبەر خاتری من دروستی کرد قوتابخانەکە لە تەنیشت مزگەوتی گەورەی ئێستای مەخموور بوو بۆ ماوەی دووساڵ لەسەر حیسابی خۆی بەڕێوەی دەبرد بەڵام دوای ئەوە حکومەت خۆی سەرپەرشتی خوێندنەکەی دەکرد، ئەوکات قوتابخانەکە دوو ژووری هەبوو بەڵام قوتابییەکان هەڵدەهاتن لەخوێندن، یەکەمجار نزیکەی ٢٠ قوتابی دەبوون بەڵام زۆریان هەڵدەهاتن تاماوەی چەند مانگێك بارودۆخەکە باشبوو، دواتر قوتابخانەیەکی تریان دروستکرد لەبەر ئەوەی قۆناغی سەرەتایی تەواو بوو بۆ قۆناغی ناوەندی، بەڵام لەگوندەکانیش قوتابخانە هەبوو لەساڵانی چلەکان لەوانە لەگوندی عاڵلا، یەکەمجار عاڵلا گوجیلان یەکەمین قوتابخانەی لێ دانا دوای ئەویش چەند گوندێکی دیکە قوتابخانەیان لێ دانرا.

*** هەر لەسەر مەخموور دەمانەوێ بزانین بۆچی مەخموور فەرامۆشکراوەو هیچیان بۆ نەکردووە؟**

– مەخموور هەر لە شوێنی خۆی ئیهمالیان کردووە بە تایبەت ئێستاکە دەبینین لەنێوان دووئیدارە دایە ئەوەی چاکە هەیە بۆیان نەکردووە، کە دەچیتە مەخموور نازانی سەر بەکێندەرە؟! مەحکەمەو شورتە سەر بە مووسڵە بەڵام شارەوانی و قایمقام سەر بەهەولێرە، بەهەموو لایەك مەخمووریان کاول کردووە. هەروەها مەخموور خۆی شوێنێکی کەم ئاوە جاران باشتر بوو ئاوی بن بەردی لێبو بەڵام ئێستا نە ئاوو نەکارەبای نییە زۆرجار داوامان کردووە بەڵام بەخۆشم نازانم لۆ ئاوڕ لەو شارەی نادەنەوە.



## لەلای من سیاسەت ماندووبوونێکی بەلاشە



گۆمبەتی برایمی بایزئاغا دزەیی

## مەدحەت بێخەو:

# شاعیر نابێ خۆی بدۆڕێنێ و خیانەت لەمیللەتەکەی بکات

### سەرنووسەر

تەمەنێکی دوورو درێژە لەگەڵ پێنوس و کاغەز هاورێیەتی دەکات، سەرەتا بەشیعری چینایەتی بۆ هەژاران و دواتر شیعری شۆڕشگێری و نیشتیمانی و دەیان سروودو ئۆپەرێتی داناوە، لای ئەو دەبێ شاعیر هەست و هەلوێستی تەواوی هەبێت بەرامبەر نیشتیمانەکەی، یەکەمین شیعری گۆرانی بۆعەلی مەردان داناوەو نازناوی بێخەوی لەبەرامبەر ئازارو مەینەتی گەلەکەی هەڵبژاردووە، ئەمەی باسمان کرد کورتەیەك بوو دەربارەی شاعیرێکی گەورەو ناسراو ئەویش شاعیر (مەدحەت بێخەو)ە، دەنگی مەخموور بە پێویستی زانی لەنزیکەوە ئەم شاعیرە بەسەربکاتەوە.

### ژیاننامە:

مەدحەت بێخەوی شاعیر لەساڵی ١٩٣٤ لەشارۆچکەی مەخموور لەدایك بووە، ناوی تەواوی مەدحەت خدر عەبدوڵلایە ناسراو بە مەدحەت بێخەو، ماوەیەك لەمەخموور ژیاوە دواتر چوەتە دیبەگە، باوکی زیاتر لەگوندی جاستانە ژیانیان بردۆتە سەرو هەروەها شاعیریش تەمەنی منداڵیەتی لەدیبەگە بەسەربردووە بەڵام دواتر لەهەولێر نیشتەجێ بوونەو ساڵی ١٩٤١ چوەتە خوێندن و لەقۆناغی سەرەتایی لەئەربیل ئولای خوێندوە، دواتر قۆناغی ناوەندی هەر لەهەولێر تەواوکردووە، بەڵام دوای ئەوە دامەزراوە وەك فەرمانبەرێکی تەندروستی لەژیانی خۆیدا چەندین جار دەستگیرکراوە یەکەمجار لەسەردەمی پاشایەتی بەهۆی بەشداریکردنی لەخۆپیشاندانەکەی کرێکارانی کۆمپانیای نەوتی کەرکوك لە بەرواری ١٩٥٣/٧/١٢ لەئەنجامدا بۆ ماوەی شەشە مانگ حوکم کراوەو دوای دەرچوونی لەزیندان جارێکی دی دەگەڕێتەوە پیشەی تەندروستی بەڵام ئەمجارە لەڕێکخراوی تەندروستی جیهانی کاردەکات و دواتر لەساڵی ١٩٥٦ دەچێتە شارۆچکەی شەقلاوە بۆ ماوەیەك لەوێ دەبێت، لەساڵی ١٩٥٨دوای شۆڕشی ١٤ی تەمووز بە پیشەی فەرمانبەری لەبلێ و بارزان دادەمەرزێ و لەوێ زیاتر بەهرەی شیعری لای ئەو سەرهەڵدەدات و یەکەمین ئاهەنگی نەورۆز لە ١٩٥٩/٣/٢١ لەناوچەی بارزان ئەنجام دەدات، دوای ئەوە لەشارەکەی حاجی قادر ساڵێك و نیوێك لەوێ فەرمانبەر دەبێت و بەشداری زۆر چالاکی دەکات، لەساڵی ١٩٦١ گەڕاوەتەوە هەولێر وەك فەرمانبەری تەندروستی لەساڵی ١٩٦٤ ژیانی خێزانی لەگەڵ دایکی سالار پێك دەهێنێت و ئێستا چوار منداڵی هەیە، تاوەکو ساڵی ١٩٨٧ دوای ئەوەی چەند جارێك دەستگیر دەکرێت تا سەرەنجام خۆی خانەنشین دەکات، دوای ڕاپەرین دێتەوە سەرکارەکەی و ماوەی سێ ساڵ ڕاوێژکاری ڕاگەیاندنی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دەبێت و دواتر بە هۆی نەخۆشییەوە خانەنشین دەبێت، بێخەوی شاعیر ئێستا لە گەڕەکی ڕووناکی هەولێر سەرقاڵی نووسین و خوێندنەو هەروەها بلاوکردنەوەی چەند بەرهەمێکە.

### بەرهەمەکان:

یەکەمین کۆمەڵە شیعری بەناوی (زەنگی کاروان) لەساڵی ١٩٥٩ بلاوکردۆتەوە، دواتر کۆمەڵە شیعری (ڕابەری ژیان) لەساڵی ١٩٦٨و کۆمەڵە شیعری (وورشەی ئاوات)ی لەساڵی ١٩٧٣و (داربەروو)ی لەساڵی ١٩٧٨ بلاوکردۆتەوە، هەروەها (ڕەگەکان)ی لەساڵی ١٩٨٣و (دیاری بۆ منداڵانی کوردستان) لەساڵی ٢٠٠٣ دەرکردووە، ئێستاکە دیوانی هەفتەمی ئامادەیە بۆ چاپ، ئەمەو جگە لەوەی بێخەوی شاعیر سەرقاڵی بلاوکردنەوەی (پێنج هەزاری ساڵی هەولێر)ە کەبەشێوەی شیعر بلاو دەکاتەوە، هەروەها (مێژووی عەشیرەتی سیان)و کتێبێك لە سەر (ڕاپەرینی جوتیارانی هەولێری ١٩٥٣) کە ئەمەشیان ئامادەیی بۆ چاپ و بلاوکردنەوەی. سەرەڕای ئەوانەش تەواوی پاداشتنامەیەکی تایبەت بە ژیانی خۆی نووسیوەو بەڵام تا هەنووکە بلاوی نەکردۆتەوە.



### شیعرو شاعیر لای بێخەو:

بێخەوی شاعیر بەم جۆرەی خوارەوە باس لەشیعرو شاعیر دەکات "شاعیر وشەیەکی عەرەبیە بەواتای هەستیار، دەبێ جیاوازی هەبێ لەگەڵ مرۆڤێکی ئاسایی و سادە، جگە لەمەش دەبێت هەست و هەلوێستی زۆر زیاتر بێ لە کەسێکی کە شاعیر نەبێت، هەر لەکۆنەوە بە کەسێك گوتراوە شاعیر واتا هەست و سۆزی زیاترە واتا هەموو کەسێك ئەو هەستەی نییە، بەڵام چەند مەرجێکی بنەڕەتی هەیە دەبێ لەکەسێتی شاعیر هەبێت لەوانە هەلوێستی تەواو بەرامبەر بەخاك و گەلەکەی هەروەها بێتەوە شاعیر نابێ خۆی بدۆڕێنێ و خیانەت لەمیللەتەکەی بکات لەبەرامبەر هۆی ماددی و مەعنەوی، شاعیر ئەبێ گۆڕانکاری بە سەردابێ هەروەك شارەزایی لەلایەنی ڕۆشنبیری و هونەری شیعری و لەبواری مێژوویی و ئابووریش شارەزا بێت، بەڵام ئەمرۆکە زیاتر پەخشانە شیعر دەنوسرێت، چونکە شارەزییان لەبنەماو هونەرییەکانی شیعر لەکێش و بڕگەو ڕێبازی شیعری کۆن نییە بە ڕای من یەکەمجار دەبێ شاعیر شارەزای ئەو لایەنانە بێت و ئەوسا بێت شیعر بنوسێت.

### ڕێچکەی شیعرنووسین:

سەبارەت بەوەی چۆن بوو ڕێچکەی شیعری هەڵبژارد ئاخۆ لەبنەماڵەکەتان کەسێکی شاعیر هەبوو یان هەر خۆی حەزی لەو بوارە بووە؟ لەبەرامبەر ئەوەدا بێخەوی شاعیر پێی وابوو "ڕاستی پرسیارەکە بەو جۆرە نابێ چونکە شیعر هەڵنابژێرێت ئەگەر کەسێك بەهرەی شیعری نەبێت نابێتە شاعیر بۆ نمونە ئەوانەی لەبەشی کوردی کۆلیژی ئاداب دەردەچن دەیان پارچە شیعر لەبەر دەکەن حەقوایە ببنە شاعیر بەڵام بۆ نابن بە شاعیر؟! بۆیە مەسەلەکە وانییە، دەبینین لەدەشتی مەخموور زۆر شاعیر هەبوون لەوانە (عەولا جاندار، سەعید سەلیم، تەها مامەر، عەولا عودی، عومەر ناوێك.. تادوایی) زۆربەی ئەم شاعیرانە نەخوێندەوار بوون، هەروەها موخلیسی شاعیر هەبوو زۆر شاعیرێکی بەتوانا بوو، بۆیە لای من شیعر بەهرەیەکی یەزدانییە نەوەك هەڵبژاردن بێت، من بەخۆم لەمنداڵیەوە لەدیبەگە ژیاوم هەستم بەچەوساوەیەتی کرێکارو ڕەنجبەری کورد کردووە هەر لەوکاتەوە تەقینەوەی بەهرەکەم بۆ هەژاران بوو.

### بێخەو لەچی هاتووە؟

مەدحەت بێخەوی شاعیر سەبارەت بەنازناوەکەی ئەو بەپێویستی دەزانێت هەرکەسێك کە شاعیر بێت نازناوێکی هەبێت لەبەر دوو هۆ هەروەك باسی لەوە کردو گوتی "یەکەمیان لە بەرئەوەی زۆرجار ناو دووبارە دەبێتەوە ئەگەر هاتوو نازناوێك هەبێت ئەوا لەدوارۆژ ئەگەر کەسێك بیەوێ لێکۆڵینەوە بکات لەسەر شیعر تێکەڵ نابێت و بەرهەمەکانی بە ئاسانتر دەناسرێنەوە، ئەمە هۆیەکیان دووەمیش ئەو نازناوەی من ئاماژەیە بۆ ژیان و گوزەرانی میللەتەکەم بۆ نموونە جگەرخوێن بۆ جگەری خوێن بووە، یاخود بیمارو دڵزارو بێکەس و هەژارو غەمبارو هەموو ئەو نازناوانە تەعبیر لەئازارو مەینەتیەکانی میللەتەکەیان دەکات".

لە کۆتاییدا:

وەك شاعیرێك پێی وابوو ئەگەر چی مەخموور ناوچەیەکی کوردستانەو دەکەوێتە نێوان دوو زێی گەورەو بچوك بەڵام شارێکی فەرامۆشکراوەو لەزۆر شت مەغدوورە، هەروەك گوتی "ماوەی دە ساڵە نەچومەتەوە مەخموور لەبەر خراپی بارودۆخی مەخموور، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بیری مەخموور دەکەم چونکە لێی لەدایك بوومە، هەروەها بیری دیبەگەش دەکەم کە تەمەنەی منداڵیم لەوێدا بردۆتەوە سەر، هەر بەیادی مەخموور ساڵی ١٩٩٦ هۆنراوەیەکم بەناوی (کەوەکانی قەرەچووغ) بلاوکردەوە کە لەدرامای کەوەکانی قەرەچووغ پێشکەشکرا، هەروەها شیعرێکم لەسەر دیبەگە بە ناونیشانی (چەند یادێکی وەفاداری) یەوە نووسیوە. بەڵام ئەوەی شانازی زۆر پێوە دەکەم ئەو سروودەیە کە لەساڵی ١٩٦١ بەناوی (ئێمە پێشمەرگەین...) کە دواتر کرا بەمارشی ڕادیۆی دەنگی کوردستان و تا ئەمڕۆکەش ماوە".